چەند خراپە بۆ کەسێک بڵێت: ئایەتی ئەوە وئەوەم لەبیر چوو، بەڵکو خۆی هۆکار بوو بۆئەوەی لەبیری بچێت، بەردەوام بن لە لەبەرکردنی قورئان چونکە خێراتر دەردەچێت لە دڵی پیاوان زیاتر لە (خێرایی) وشتر

لە عبد اللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «چەند خراپە بۆ کەسێک بڵێت: ئایەتی ئەوە وئەوەم لەبیر چوو، بەڵکو خۆی هۆکار بوو بۆئەوەی لەبیری بچێت، بەردەوام بن لە لەبەرکردنی قورئان چونکە خێراتر دەردەچێت لە دڵی پیاوان زیاتر لە (خێرایی) وشتر».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکات کە دەڵێت: چەند خراپە کەسێک بڵێت: ئایەتی ئەوە وئەوەم لەبیر چوو؛ چونکە وا هەستدەکرێت ئاسانکار بووە لەگەڵ قورئاندا وپشت گوێی خستووە، بەڵکو (بەڵکو خۆی هۆکار بوو بۆئەوەی لەبیری بچێت): واتا سزا دراوە بەوەی قورئانی لەبیر بچێت چونکە بەردەوام نەبوو لەسەر لەبەرکردنی وپێداچوونەوەی وتێگەیشتنی ماناکانی وکردەوە پێکردنی، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە بەردەوام بن لەسەر خوێندنی قورئان وفێربوونی و لەبەرکردنی قورئان چونکە خێراتر دەردەچێت لە دڵ زیاتر لە خێرایی وشتر، لێرەدا باسی وشتری کردووە چونکە لە هەموو ئاژەڵێکی خۆماڵی زیاتر هەڵدێت ولە هەموویان زیاتر زەحمەتە زاڵبوون بەسەریدا لە پاش هەڵهاتنی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10850